# تیرۆریی خۆماڵی

کاوه ئەمین

کردەوە تیرۆری و نامرۆڤانەیەکانی گرووپی شێخ زانا، کۆمەڵگایی کوردستانیان بەشێوەیەکی وا هەژاند، کورد وتەنی هەموو شتێکی ژێر بەڕەیان هێنایە سەربەڕە. ئیتر ئەو کۆمەڵکا پاکیزەیەی کە جاران باسی لێوە دەکرا و بڤە بوو بەئاستەم لەو دیوو پەرژینەکەشەوە باسێکی لێوە بکرێت، ئێستا بۆتە وێردی سەرزمانی هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵە و هەرکەسەو بەجۆرێک و بەپێیی بەرژەوەندیەکانی خۆی و بیروباوەڕە دینی و دنیایەکانیەوە شەن و کەوی دەکات.

دیارە نە کردەوەی تیرۆریستی و نە نێربازیش دیاردەیەکی نوێ نین لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا، ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە کە گرووپێک بێن بەدەمی خۆیان ددانی پێدا بنێن و لەوەش سەیرتر کە سەرکردەکەیان تا کاتی گیرانی خۆی و باندەکەی لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە، کەسێکی باوەڕپێکراوی نێو خێزان و کەسوکار و تەنانەت گەڕەک و دامودەستگاحوکومیەکانەکانیش بووە. بۆیە لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین و جارێکی تر بەجددی بە ستروکتووری کۆمەڵگاکەماندا بچینەوە و بپرسین ئاخۆ لەسەر چ ئەساسێک ڕێز لەوانە دەگیرێت کە لەقەبی جۆراوجۆریان لەخۆ ناوە و خۆیان بە سەرەوەری یاسا و کۆمەڵگا دەزانن؟ وەک دەزانرێت بەشیکی زۆری ئەوانە هەمیشە لە خزمەتی داگیرکەراندا بوون، بەڵام دوای ڕاپەڕین لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە لە ئامێز گیران و ئیستاش هەمەکارەن.

گرووپە توند ڕەوە ئیسلامیەکان و بەرەی تورکومانی و دەیان گرووپی گێرەشیونی تر بەرهەمی ناکۆکییەکان و شەڕی ناوخۆن و دوای کۆتایی ئەو شەڕەش وەکو پیویست ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکرا و ئێستاش لەلایەن وڵاتانی داگیرکەرو ئیسلامی ناوچەکەوە دنە دەدرێن، بەڵام کۆمەڵگایی خۆمان حەشارگەیان بۆ دروستکردوون و دەیان پارێزن، بۆیە ئەم جۆرە گرووپانە لە گرووپە دەرەکییەکان خەتەرناک ترن، بەتایبەتیش کاتیک ئاینی ئیسلام بۆخۆیان دەکەنە شورایەک و مزگەوتەکان دەکەنە سەنگەری دژایەتی و هەندێک لە مەلاکانیش بە نەزانی بێت یان بە نەزانییەوە وانەکانی جیهادیان پێدەڵێنەوە، ئەوانیش خۆ ناچن لە پایتەختی یەکێک لە وڵاتانی داگیرکەر کە تەنانەت ڕازیی نابن ناوێکی کوردی لە منداڵانی کورد  بنرێت خۆیان بتەقێننەوە بەڵکو دەچن منداڵیکی گوڵەبەڕۆژەفرۆش شەهید دەکەن، وەک پەندە کوردییەکە دەڵیت<حیز بە خاڵۆی خۆی دەوێرێت>، ئەمە دروست لە باندەکەی شیخ زانا ڕوویداوە.

پێویستە حکوومەتی کوردستان، بەشێوەیەکی جددی بەبێ ئەوەی هەستی موسڵمانانی کورد بڕوشێنێت چاوێک بە بەرنامە ئاینیەکانی مەنهەجی قوتابخانەکان و بەتایبەتی وانەی دینیی وتنەوە لە مزگەوتەکاندا بخشێنێتەوە و چیتر ڕیگا نەدەن مزگەوتەکان وەکو بارەگایی حیزبی بۆ هیج گرووپێک جا توند ڕەو بێت یان میانڕەو بەکار بهێنریت. هەروەها پەڕلەمانی کوردستان هەرچی زووترە یاسایەکی هاوجەرخی ڕاگەیاندن دابنێن تا بە پێی یاسا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو دەستگایانەدا بکرێت کە لەژێر پەردەی پاراستنی ئاینی پیرۆزیی ئیسلام بەرگریی لە تیرۆریستان دەکەن. بەڕاست پارتێکی سیاسی، جا ئیسلامی بێت یان علمانی  بۆ دەبیت تەلەفزیون و ڕادیۆکەی بەناوی خۆیەوە ناو بنێت وەک (کۆمەڵ، پوک تیڤی، زەحمەتکێشان تی ڤی و ...هتد). نیشان دانی وێنەکانی زانا و گرووپەکەی، گۆڵمەزیکی زۆریی ناوەتەوە بەتایبەتی ئەوەی کەمن بزانم لە سلێمانی و تەنات ئێستا خەریکە دەبێتە نوکتە و قاڵبی گاڵتە و زۆر جاریش ترس و خۆف. ئەوەی کەجێگای ڕەخنەیە لە کورستان تی ڤی ئەوەیە کە دەبوو بەرنامەکە دوای 11 شەو نیشان بدرایە و بەڕۆژ دوبارە نەکرایەتەوە، ڕەنگە تەنها خێرێکی کارەبا بڕین ئەوە بێت کە بەڕۆژ تیڤیەکان و هەموو شتێکی کارەبایی خامۆشن (هەڵبەت ماڵە بەرپرسەکان نا) و زۆر کەس تا دوانزەونیوی نیوەڕۆ ناتوانن سەیری تیڤی بکات.

ئەگەرچی نامەوێت گرووپی شیخ زانا لەگەڵ تەکیەی حەمەی شێخ عبدوولکەریم لە سلێمانی بەروارد بکەم، بەڵام خراپیش نییە ئاسایشی سلێمانی سەردانێکیان بکەن، چونکە ئەوان هەمیشە لە خزمەت دەوڵەتی عیراق و بەعسدا بوون، برادەرێکی سایەق تەکسی جارێک بەڕێکەوت دەروێشێکی یاشێخ دەباتە ئەو تەکییەی کە ئێستا لە سلێمانی ڕازاندویەتییەوە، دەیوت هێندەی ماشێنی (علوج) تێدایە بەشی دوو سی وەزارەت دەکات، زۆر جار لێرە لە سلێمانی بەگاڵتە دەڵێن ڕهنگە عیزەت دووری لە تەکیەکەی کاکە شێخ خۆی شاردبێتەوە، تۆ بڵێی وا نەبێت؟ ئاخر ماوەیەک پێش ئێستا لە ئورومییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عەجەمێک خۆی لێ بوو بوو بە ئیمام مەهدی و پاسدار دەیگرن و زۆری لێدەدەن، کابرایەکیش دەڵێت بۆ وای لێدەکەن کێ دەڵێ ئەو نییە، دەی کەوابێت کێ دەڵێت، ماڵی یا شێخیش پڕ لە نییە؟!